### لــە ساڵیـــادی جیهـانی شیعـردا (٣/٢١)

# بەشێک لە شیعری شاعیران کە بۆ شیعر نوسیویانە

* جەمال غەمبار
لە پێشەکی پەرتوکە
شیعری (هەمیشە با
لەوێ بین لای
عیشق) دەڵێت: (شیعر
لە بونەوەرێکی
ئەوپەڕی ئازاد ئە
چێت، هیچ سنورێك
ناناسێ.. سەدان ساڵ
ئەژی، نە پیری
زەفەری پێ ئەباتو
نە مردن ئەتوانێ
ئاوقای بێت..)

*منو شیعر دوو
عاشق بووین
لەگەڵ یەکتری
ئەدواین
بە زمانی شیعر
حاڵی ئەبوومو
پەراوێزی ژینم بۆ
دوێنێو
بۆ داهاتوو
ئەنەخشاند.

**ڕووناک حسن**

............

*شیعر..
شیعر زستانه
ئەو کاتەی خرمان
دەکاتەوەو
داماندەپۆشێ
هەندێ جاریش
هاوینه
جلەکانمان پێ
فڕێدەداو
تەواو ڕووتمان
دەکاتەوە

**دڵشاد عبدولا**

..................

* شیعر..
لە گۆشەیەکی
باڵی تەنیایدا
نەعلەت دەبارێنم
نەدەبوو لە
کەرنەڤاڵی عیشقەوە
جارێکی تر وەک
تەتەر
تیشکی دەروونی
نامەیەک
والاکەمو،بۆیەکی
کەلێم ناگا
زویرم لە ویژاری!کە
ناتوانم
ببمە سەفەری
هاوڕێ
دڵم فەنەری
پڕچۆی شیعرە ..
نەک شیفتەی
کەسێ.

**ڕۆژ هەڵەبجەیی**

..................

*هۆنراوە بەند
ناکرێ..
حەسحەسەکان
جانتاکانم دەپشکنن
دەگەڕێن بۆ هۆنراوە
حەسحەسەکان
بەسەزمانن
هەتا ئێستاش هەر
نازانن
گوایە پێیان
نەوتراوە
گشت هۆنراوە
تورەکانم
لە مێشکمدا
حەشارداوە

**لەتیف هەڵمەت**

# چاوەڕێت بووم

بەر لەوەی چاوەکانم پڕ لە فرمێسك بۆت بڕوانێتو خەیاڵم بە ڕێگە تاریکەکاندا گوزەر بکات، لەژورێکی ماڵەکەماندابووم شەویی کۆتایی ساڵی (٢٠٠٦)وتەنیاو بێ تۆ بووم، لەچاوەروانی هاتنی سەرەتایی ساڵی (٢٠٠٧)بووم، کاتێك کە زەنگی دەرگام گوێ لێ بوو بەخێرایی هەستامە سەرپێو وامزانی تۆی هاوسەرو ئازیزمیو لەم تەنیایە ڕزگارم دەکەیت بەچەپکێ گوڵو دیاریەکەی دەستەوە کە بەبۆنەی جەژنی لەدایکبونمەوە ئامادەت کردوەو پێشکەشمی دەکەیتو لەئامێزم دەگریتو بەماچێکی خۆشەویستی دووبارە پیرۆزباییو تەمەن درێژیم بۆ دەخوازیوپەیمانی خۆشەویستیو هاوسەریم بۆ دووپات دەکەیتەوە ئەو شەوە تابەرەبەیان لەئاهەنگو خۆشیدا ڕۆحو جەستەمان لە ئامێزی یەکدا دەبێت، بەلام ئەمانە ئەو خەیالانەن کە سەراپا مێشکمی داگیر کردبوو خۆمم پێ هەڵدەخەڵەتاندو دەشمزانی ئەو شەوە رۆمانسیە خەیاڵەو هیچی دی، لەبیری مندا نایێت پیرۆزبایی جەژنی لەدایك بونم بەنامەیە بە گوڵێك لێ بکەی، ئەی خاوەندی خۆپەرستی، بۆ شەرمەزار نابیت کاتێك لە جەژنی لەدایك بونتدا دیاریت بۆ دەکڕمو دەیرازێنمەوەو بەپیرۆزبایی ساڵی نوێوە دەیدەمە دەستتو بەڵێنی خۆشەویستیو وەفات بۆ نوێ دەکەمەوە، دواتر بە کێكو شیرینیو مۆم ئەو شەوە دەرازێنمەوە بەڵام ناخم قوڵپ ئەدا هەر چاوەڕێم ووشەیەك لەو دەمە ووشکەوەبووەت بێتە دەر بەڵام........ ئەی هێندەی پێویستی ساوایەك بۆ دایکی، پێویستیم پێتە گێلانە مامەڵەم لەگەڵ مەکە چاکم دەناسی بێ تۆ ناژیم بۆ هێندە ئازارم ئەدەی، لێوەکانت ووشك هەڵگەڕاونو وەك بڵێی لە ووشکایی سەحرایەکداو بەگیر هاتونو تەراییان تێدا نەماوە، چاك دەزانم هەر ئەو شەوە ووشکن بۆ سبەیو دووسبەیی...... وەك خۆیان لێ دێتەوە ئەو بێ دەنگیەشت لەناو دەچێ قسە رەقەکانت بۆ دەگەڕێنەوە، بەلام من هەرچاوەڕێم پێم خۆشە لەو شەوەدا هەموو خەڵکی هاوار بکەنو بێنە ماڵی ئێمە جەژنی سەری ساڵ لەوێ بکەن تا تۆش گەر لەبەر ئەوانیش بێت پێم بڵێ جەژنی لە دایك بوونت پیرۆز هەرچەندە دەشزانم نایڵێیو بەڵکو شەوەکەشم لێ دەشوێنێ.

ئێستاش چاوەڕێم پێم بڵێ ی ببورە ئەو شەوە لەیادم نەبوو ئێستا پیرۆزی دەکەمو پەیمان دووپات دەکەمەوە.

**دیـلان**



بوار نورەدین

## شەوێک نامۆیی

وامزانی گمم کرووی
هەرچەند لەبەرچاوم
نەبووی
پێموابێ تۆبووی لە سینەو
ناخمدا
نووستبووی
ئەمرۆ کە هاتمەوە دەڵێم
بیرت دەکەم
هێشتا لێت تێنەبووم
پڕ بەبەژنو باڵات،چاوت،
دیمەنت
لە ژێر سایەو دەسەڵاتو
سێبەرت
نەتواومەوە،نەخنکاومو
نەتلامەوە
پێم خۆش بوو،
هەردووکمان بخزێینە ناو
قۆزاخەیەك، هێلکەیەك
بۆ ئەوەی واتێکەڵو ئاوێتە
بین
من لەبری تۆو تۆش لە
جیاتی من
وەك لاو لاو تێك ئالاێین
ڕیزێك لە برژانگی من،
ببنە پاسەوانی دەروازەی
چاوت
هەستو سۆزیشم برژێنە
نێوت
بەندەی داماوم وەك نەمام،
لە نێو زەوی باڵاتا،
چەکەرە بکا
بە تەڕیو پاراوی
باڵابگرێ
کە گوڵمان گرت،
پەرێك منو یەکی دیش تۆ
ئەگەر تاك بووین،
من جووتو تاکیش تۆ
یان تۆ خونچەو
منیش گوڵی ژاکاوی
وەچەی تۆ